# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

## ژمارە 12

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFDR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

27ی کانوونی دووەمی 2008

## ڕێگە نادەین، ناسری و معماری و سەناتی دیپۆرتی ئیران بکەنەوە !




کەمپەینی بەرگری کردن لە سێ پەنابەری ئیرانی بەردەوامە !

## پەنابەر کێ یەو فیدراسیۆن بەرگری لە چ کەسێ دەکات ؟

پەنابەر بەکەسێک دەوترێت کە بەهۆی کێشەی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی ئاوارە بووبێت بە هیوای بەدەستهێنانی ژیانێکی ئەمن و ئاسایش . فیدراسیۆن داکۆکی لەهەموو ئەو ئینسانانە دەکات کە بەهۆی هەریەک لەو کێشانەوە ژیانی نائەمن بووبێت وناچار بەرووکردنە هەندەران بووبێت. نزیک بە 14 سالّ لەمەوبەر فیدراسیۆن لەئامانج و پەیرەوەپرۆگرامی خۆیدا ڕاگەیاندوە کەبەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ نازنامەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژی جیاواز لە بوون ونەبوونی هیچ ئاین و قەوم ونەتەوەو نژادێک داکۆکی لەهەموو ئەو ئینسانانە دەکەین کەژیانیان نائەمنەو خوازیاری مافی پەنابەرین. لەمبارەوە تەنیا مەجی داکۆکی کردنی فیدراسیۆن لەهەر کەسێک ئەوەیە کەدەستی نەبووبێت لەسەرکوت وکوشت وکوشتاری خەلّکدا ! کارنامەی 14 سالّی ڕابردوی ئەم ڕیکخراوە فایلی هەزاران ئینسان دەگرێتەخۆی کە لەپشتگیری فیدراسیۆن بەهرەمەندبوون !

## هەوالّ و چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە پێناو بەرگری لەمافەکانی پەنابەران




## مارشی شکوداری نارەزایەتی لەژێر ناوی ئازادی بۆ کارکردن، ئازادی بۆ مانەوە لە شاری نیوکاسلّ بەرپاکرا

ڕۆژی شەمە 19-1-2008 لە شاری نیوکاسلّ مارشێکی شکودار لە لایەن ریێکخراوی ( Tyneside Community Action for Refugees) وبە پیشتیوانی هاوکاری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیّراقی وریێکخراوی لیێبوردنی نیو دەولّەتی وبەرەی دژی شەڕ و ڕیێکخراوی دژی نەژادپەرستی و چەند نیهادی تر لەژێر دروشمی (مافی کارکردن بۆ هەمووان ،ئازادی بۆ کارکردن ،ئازادی بۆ مانەوە ..بەڕیێخرا. مارشەکە لە شەقامی ویستگەین بەرەو سەنتەری شاری نیوکاسلّ بەڕیێکەوت و پاشان لەبەردەم بەشی هۆم ئۆفیس ئەو شارە مارشەکە ڕاوەستا ...B بۆ لاپەرە 2

سەردانی مالّ پەڕی فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ڕێگە نادەین، ناسری و معماری و سەناتی دیپۆرتی ئیران بکەنەوە !

ئەمڕۆ بەرواری 25 کانونی دووەم بەمەبەستی ڕاوەستانەوە دژ بە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی سێ پەنابەر بۆ ئیران، بۆ دووەم جار خۆپیشاندانێکی تری فراوانمان لە ناوەڕاستی شاری هێلسنکیدا بەرپاکرد کەتیدا جیاواز لە بەشداربوونی ژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەروەها نزیکەی 150 کەس لەم خۆپیشاندانەدا بەشداری کرد .

سەرەتا Katja Tuominen بەرپرسی تۆڕی ئازادی جموجوڵ پاش بەخێرهاتنی بەشداربووان ڕوونکردنەوەیەکی لەپەیوەند بە خۆپیشاندانەکەدا بەرنامەی خۆپیشاندانەکەی بۆ بەشداربووان ڕاگەیاندن ، کەبەم شێوە بەڕیوەچوو . بەڕێز خاتوو Minna Sirnö پەرلەمانتاری حزبی چەپ ئاماژەی مەیلی حکومەت بۆ گەڕانەوەی پەنابەرانێک کرد کە تەنانەت کاریشیان هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی وولات، سیاسەتێکی نائینسانیەو پێویستە بگۆڕدێت ....

دواتر ڕیبوار عارف وەک بەرپرسی فیدراسیون لەفنلاند قسەوباسێکی لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی وئەمنیەتی ناوچەکە بۆ بەشداربووان کردو تیدا ئاماژەی بە دەست درێژیەکانی حکومەتی تورکیا و تۆباران و ئاوارەکردنی خەلکی بێ دیفاعی ناوچەکە کردو هاوکات هەنگاوەکانی حکومەتی (ج ا س) هەرلەمبارەوە ڕوونکردەوەو ئاماژەی بە اعدام و دەستگیری بەردەوامی خوێندکارانی زانکۆکانی ئیران کردو پەردەی لەسەر کردەوەی سەرکوتگەرانەی حکومەتی ( ج ا س ) هەلدایەوەو بەهانەکانی حکومەتی فنلاندی بۆ ئاسایش بوونی ئیرانی ناچەکە بەدرۆخستەوە !

پاشان بەڕێز خاتوو Anni Sinnemäki پەرلەمانتاری حزبی سەوز ووتی بەلێ من تێ دەگەم لەکاتێکی وادا خەلکی لە هەولێ ڕاگرتن و هەلسپاردنی بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی ئەم کەسانەدا بیێت ، لەمبارەوە ئێمەش نارەزایەتی وشکاتی خۆمان بەرزدەکەینەوە ... هەروەها **Marja-Liisa Laiha** سکرتیری بەشی خارجیانی کیساکانی فنلاند لەم خۆپیشاندانە بەشداریکردو نارەزایەتی خۆی دژ بە بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی ئەم سێ پەنابەرە دەربری وپشتگیری خۆیانی لە داواکاریەکانی خۆپیشاندانەکە ڕاگەیاند. شایەنی باسە ڕۆژانی سێ شەمەو چوار شەممە 15 پەنابەرو دۆستانی فنلاندی لەناوەڕاستی شاری هێلسنکیدا مانیان گرت و ڕاگەیاندن و زانیارو فۆرمی ئیمزاکردنیان دەدایە دەست ڕێبوارانێک کە بەو ناوەدا تێپەڕدەبوون و بەتایبەت بە کەسانێک کە هاودلێ یان لەگەلدا دەکردن. کە هاوکات چەند ڕادیۆو ڕاگەیاندن هەوالێ ئەم مانگرتنیەیان ڕاگەیاندن و چاوپیکەوتنیان لەگەل ڕیبوار عارف و کەس و کاری بارزان ناسری ئەنجامدا لەوانە ڕۆژنامەی !

هەروەها لەم خۆپشاندانەدا بەریز خاتوو Marina Barbalata نووینەری فیدراسیۆنی گەنجانی سەوزی ئەورووپا (Federation of Young European Greens, FYEG) بەزمانی ئینگلیزی نارەزایەتی خۆی دژ بە بڕیارەی حکومەتی فنلاند دەبری و بەلێنیدا کە وەک خۆیان لەرێگەی ئەورووپای هاوبەشەوە بەدوای ئەم بڕیارە ناعادلانەوە بن. هەروەها دۆاتر کۆبوونەوەیەکی لەگەل ڕێبوار عارفدا ئەنجامدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەپەیوەند بەنەبوونی ئەمنیەت لەئیران وناوچەکەدا ...

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند    25.1.2008

## لە درێژەی مارشی شکۆداری نارەزایەتی .....

بەهوتافکیشان دژ بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ ئەو وولاتانەی نائەمنەو ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران ژیانیان دەخاتە مەترسیەوە بەتایبەتی وولاتانی وەک عێراق و کۆنگۆ و زامبابوەی و سودان ..

دلشاد نامق نۆینەری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە شاری دۆنکاسەرەوە بۆ هاوکاری ئەم خۆپیشاندانە بەشداری کرد ووتەیەکی پێشکەشکرد ئاماژەیدا بە بارودۆخی نائەمنی و جەنگو داگیرکاری لەعێرقدا کەڕۆیانی دەیان ئینسان ڕۆژان لەخوێن هەلدەکێشێ .. هاوکات باسی لە سیاسەتی دژی ئینسانی حکومەتی بەریتانیاکرد بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردی عێراقی کەبەکەلەپچەو لیدان و سوکایەتی بەزۆر ڕەوانەی کوردستانی کردون و ڕای گەیاند ئەمە پێشیلکاری ئاشکرایە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ ،هەر لەم نیوەدا لەسەر کارو خەباتی فیدراسیۆن لەپێناو بەرگری لەمافە وداواکاریەکانی پەنابەران بۆ خۆپیشاندەران خستە ڕوو لەلایەن بەشداربوانەوە بەگەرمی پێشوازی لەم قسەو باسانەکرا. خۆپیشاندەران بڕیاریاندا کەمپینی ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام بێت تا پاشەکشێپێکردنی حکومەتی بەریتانیا بەسیاسەتی دژی پەنابەری .

**بۆ ڕاوەستانەوە دژ بە بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی بارزان ناسری و محەمەد معماری دەتوانن ناوی خۆتان لەم فۆرمە بنووسن کە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی وفنلاندی لە سایتی فیدراسیوندا دانراوە !**

www.federasion.org/kurdish.htm

http://www.adressit.com/barzan

http://www.adressit.com/barzan-eng

**دەتوانن بەڕێزیشتان بۆ پشتگیری کردن لەم سێ پەنابەرە ناوی خۆتان لەیەکیك لەم نادرەسانەدا تۆماربکەن. شایەنی باسە کە تائیستە نزیك بە 1200 کەس پشتگیریان لەم سێ پەنابەرە کردووە نارەزایەتی خۆیان دژ بەحکومەتی فنلاند دەربڕیوە!**

**$ $ $ $ $ $ $ $ $ $ $**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## فیدراسیۆن و بەرەی دژی دیپۆرت کەمپینی نارەزایەتی دژ بە هێڵی ئاسمانی مەلەکی ئەردەنی بەرێ دەخات

لە ڕاگەیاندنێکدا کە بە ئیمزای بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆعێراق(csdiraq)وفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی راگەیەنراوە دوای ئەوەی حکومەتی بەریتانیا لەژێر گوشاری کەمپینەوە بۆ ناردنەوەی بە زۆری پەنابەرانی کوردی عێراقی بە فرۆکەی سەربازی رابگرێت، ئەم جارە لەرێگای هێڵی ئاسمانی مەلەکی ئەردەنی بەزۆر پەنابەرانی کوردی عێراقی دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر دەکاتەوە.هاوکات لەو راگەیاندنەدا هاتووە لەماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە 20 پەنابەری کوردی عێراقی بەشێوەیەکی نائینسانی ڕەوانەی عمان کراوە پاشان بەرو کوردستان بەرێ کراوەتەوە . ئەم کەمپینە داوا لە تەواوی رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆست دەکات نامەی نارەزایەتی ئاراستەی هێڵی ئاسمانی مەلەکی ئەردەنی بکەن داوا بکەن:1-دەست بەجێ هەر تیکتێک بۆ گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی عێراقی فرۆشراوە بە حکومەتی بەریتانیا هەڵبوەشێنەوە . 2- هێڵی ئاسمانی مەلەکی رازی نەبن تیکت بفرۆشن بە حکومەتی بەریتانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران. 3-لەحاڵەتی بەردەوام بوونی هێڵی ئاسمانی مەلەکی ئەردەنی بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە ئێمە چی دی بۆ هاتوو چوو ئەم هێڵە بەکارناهێنین .نامەی نارەزایەتیەکانتان بنێرن بۆ:

**Royal Jordanian Airlines, Space One, 1 Beadon Rd, Hammersmith, London W6 OEA.**
**fax: 0208 748 5251 email: lontbrj@rj.com**

**b b b b b b b b b b b b b b b**

## ژمارەیەك لە پەنابەری كورد لەگرتووخانەی شاری گلاسگۆ دەستبەسەرن

هەوار محمد سەلیم و حسین رەشید دوو پەنابەری کوردی عیراقی لە گرتووخانەی دون گابل هاوس وە بە سکرتاریتی فیدراسیۆنەوە پەیوەندیان کرد و رایان گەیاند ژمارەی ئەو پەنابەرە کوردانەی لەو گرتوخانەیەدا لەسکوتلندە دەست بەسەرن 12 پەنابەرن و لەبارودۆخێکی دژواردا ژیان بەسەر دەبەن و وابریارە پێچەوانە بەخواستی خۆیان دیپۆرتی کوردستان بکرێنەوە. لەم بارەیەوە فیدراسیۆن ناوی هەردوو پەنابەری داوەتە چەند رێکخراوی ئینسانی کە هاوکاری ئەو پەنابەرانە بکەنەوە وە لەگەڵ چەند پاریزەر پەیدەوەندی گرتووە بەهەدەفی کۆمەک کردن بەو پەنابەرانە لەپێناو ئازادکردنیان. بۆ زانیاری زیاتر بە سکرتاریتی فیدراسیۆنەوە پەیوەندی بگرن.

## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە کەنەدا

لەرۆژی 15 .1. 2008 لە بنکەی فیدراسیۆن ژمارەیەک لە ریکخراوە ئینسان دۆستەکان لە شاری تۆرنتۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ریکخست کە بەشیکی زۆری قسەوباسەکان لەپەوەند بە بارودخی پەنابەرانی عتراقی بوو لەجیهان وکەنەدا. لەم کۆبوونەوەدا قسەو باسێکی زۆرکرا لەپەیوەند بە کیشەکانی پەنابەان و لەوانە کیشەی پرۆسەی سپانسۆر کە لەئیستەدا لەکەندا زۆر دەخایەنیت. لەم کۆبونەوەدا جەلال سعید قەسەوباسیکی هەمەلایەنەی لەسەر بارودخی پەنابەرانی عیراقی کرد بەتایبەت لەولاتانی دراوسێی عیراق هاوکات بەشیک لەباسەکە تەرخانکرا بۆ ئامانجەکانی حکومەتی عیراق لەبارەی پروپاگەندەکانی ئەم دوایانە لەپەیوەند بە گەرانەوەی پەنابەران .... هەروەها باسیکیتر سەبارەت بەمەسەلەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی و کورد لەولاتانی ئەوروپاو ولاتانی دراوسێ ی عیراق کرا... لەدوابەشی کۆبوونەوەکەدا تیکرای بەشداربوانی کۆبوونەوەکە بریاریکیاندا لەسەر ئەوەی کە نامەیەک بنووسن بۆ حکومەتی کەنداو وە نووینەریک بنیرن بۆبەدواچون لەسەر ناوەرۆکی نامە بۆ لای کاربەدەستانی حکومی .



رۆژی 15.1.2008 رادیۆی کەنەدا چاوپیکەوتنیکی لەگەل جەلال سەعید ( سکرتیری فیدراسیۆنی پەنابەران لە کەنەدا) کرد لەسەر وەزعی پەنابەرانی عیراقی لە وولاتانی سوریا و ئوردن، هەروەها لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی پەنابەرانی عیراقی بۆ کەنەدا .. لەسەر وەزعی خراپی پەنابەران لە ولاتانی سوریا وئوردن لە رووی مادی و تەندروستی و پەروەردەو فیربوون هەروەها ئاماژەکردن بەباری ئەمنیەتی پەنابەران ...هەروەها قسەوباسیک کرا لەپەیوەند بەهاوکاری نەکردنی حکومەتی کەنەدا وەکو پیویست لەگەل پەنابەرانی عیراقی کە لە سالی 2007 تەنیا 600 پەنانەری عیراقی گەشتوونەتە کەندا وە هیچ ئاسان کاریەکی بەرچاو نەکراوە . سەرەرای ئەوەش لە نۆڤەمبەری سالی 2997 وەزیری کۆچ و پەنابەران بریاریکی دەرکرد بەلام هیچی تیدا نەبوو بۆ پەنابەران. هەروەها زۆریک لە ریکخراوەکانی کەنەدی وعیراقی ئەوانە یارمەتی پەنابەران دەدەن ئامادەیی خۆیان راگەیاندنوە بۆ سپانسۆری عیراقیەکان بەلام تاکوو ئیستا هیچ خیرایەیەک لە پرۆسەکاندا نیە .

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# ASO TV

ئاسۆ تیڤی مینبەری داکۆکییە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران ، ئاسۆ تی ڤی دەنگ و ڕەنگی بەرەی پێشکەتووخوازی کۆمەڵگایە لە پێناو کۆتایی هێنان بە دەردو میحنەتەکانی پەنابەریتی تێدەکۆشێت، ئاسۆ تی ڤی هەوڵ دەدات لەڕێگەی بلاوکردنەوەی بەرنامەکانییەوە پشتیوانی و هاوکاری بۆ کێشەکانی پەنابەران ڕابکێشێت . ئاسۆ تی ڤی مینبەری داکۆکی کردنە لە مافەکان ژنان و مندالانی پەنابەرو تێدەکۆشێت بۆ تێکەڵ بوون بە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگاتی هاوچەرخ . ئاسۆ تی ڤی ئاسۆی پەنابەران و بزوتنەوەی پەنابەرییە .

ئاسۆ تی ڤی دەنگی ئێوەیە هاوکاری و پشتیوانی بکەن .

بەرنامەکانی ئاسۆ تی ڤی ڕۆژانی

سێ شەممە 11.30 بۆ 12.00

14.30 بۆ 15.00 بە زمانی عەرەبی .

14.00 بۆ 14.30

17.00 بۆ 17.30 بە زمانی کوردی

ڕۆژانی چوار شەممە بەرنامەکان دووبارە دەکرینەوە

دەتوانن بەرنامەکانی لەسەر ئەم ئادرسە تەماشا بکەن .

**Satellite**
**Hotbird 8:**
**Orbital Position: 13 degrees Eas**
**Transponder: 14**
**Downlink Frequency: 11 470**
**Downlink Polarity: Vertical**
**FEC: 5/6**
**Symbol Rate: 27,500**

بۆ پەیوەندی کردن بە ئاسۆ تیڤی یەوە بەژمارە تەلەفون و ئیملە بکەن

00447895636633

Aso_tv@yahoo.com

**دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە**

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworl.com
**جەمال کۆشش**
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان:**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران :**
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین :**
irakco@hotmail.com
**ڕێبوار عارف :**
fediraq@welho.com

**ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت**
**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**

« « « « « « « « « « « «

هەفتەنامەی فیدراسیۆن بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وناشنایانی دەوروبەرتان، ڕاپۆرت و هەواڵ و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیایی لەبەرچاویان دەگرین و وەڵامیان دەدەینەوە !

سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن
ڕێبوار عارف **Tel: 00358 440464905**

## فۆرمی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆن

ناوی سیانی :

مێژووی لەدایك بوون :

ناوی شار و وولات :

ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئیستە

ژمارەی تەلەفون :

ئیمەیل یا ژمارەی فاکس :

ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیوندا سالانە بڕی 20 ئیرۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرەمەند نەبوونی لە بیمەی بیکاری یا گرفتی ئابووریەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات ، ئەوا دەکرێت سکرتاریەتی فیدراسیون ئاگادارکاتەوە تا لە دانی ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون ببەخشرێت !

دەتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم R    ناتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیون بدەم Q

کات و شوێنی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیون    واژۆ

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com